# حوكمی تەكفیر كردنی كەسێك لە لایەن كەسێكی نەخوێندەوارەوە

[ kurdish – كوردی – كردي ]

## سایتی (ئیسلام پرسیار ووەڵام)


وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی كوردی لەماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ حكم تكفير الشخص من قِبل عوام الناس ﴾

« باللغة الكردية »

موقع الإسلام سؤال وجواب

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حوكمی تەكفیر كردنی كەسێک لە لایەن كەسێكی نەخوێندەوارەوە

**پرسیار :** ئایا ئەگەر كەسێكی نەخوێنەوار گوێی لەكەسێك بوو جنێوی بەخوای گەورە یان بەدین وپێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دا دروستە تەكفیری بكات، بەبێ گەڕانەوە بۆلای زانایان ؟

**وەڵام :** الحمد لله .

یەكەم : گومانی تێدا نییە جنێودان بە خوای گەورە (خوا پەنامان بدات) یان جنێودان بە پێغەمبەر و دین (خوا پەنامان بدات) كوفر وبێباوەڕی گەورەیە، وهەركەسێك كارێكی وابكات ئەوە كوفرێكی گەورەیە وكافر بووە و لەدین دەرچووە، وئەگەر لەسەر ئەو حاڵەتەش بمرێت وتەوبەی لێ نەكات ئەوە دەچێتە دۆزەخەوە وبەهەمیشەی تێیدا دەمێنێتەوە .

شێخ ابن بازیش (ڕەحمەتی خوای لێ بیت) لەم بارەیەوە ئەڵێت : " زانایان هەموویان كۆدەنگن لەسەر ئەوەی هەركاتێك موسڵمانێك جنێو وقسەی بەدین ووت، یان لە شەئنی دینی كەمكردەوە، یان جنێوی بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دا یان لەنرخ وبەهای كەمكردەوە، یان گاڵتەی پێكرد، ئەوە ئەو كەسە لەدین وەرگەڕاوە و پاشگەز بوەتەوە، وخوێن و ماڵی حەڵاڵە .. {سەرچاوە : " فتاوى نور على الدرب " لابن باز (ص 139)} ..

وە پرسیاریش كرا لە شێخ ابن جبرين (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

حوكمی ئەو كەسە چیە كە جنێو وقسەی بە خوا وبەدین ووت ؟ ئەی كەفارەتەكەی چیە ؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئەو كەسە ژنی هەیە، ئایا ژنەكەی لێ دەسەنرێتەوە ولێی حەرام دەكرێت، یان پێ تەڵاق دەدرێت ؟

لەوەڵامدا شێخ ابن جبرين ووتی : گومانی تێدا نییە ئەوە پاشگەز بوونەوەیە لەدین. وکافر بوونیشە بەخوای گەورە، وئەو کەسەش لەئاینی ئیسلامدا دەبێت بکوژرێت ئەگەر تەوبەی نەکرد، وە ژنەکەیشی پێ تەڵاق دەدرێت و هەموو صڵە ڕەحمێکیشی بە خزمەکانیەوە دەبچڕێت، بەشێوەیەك نە ئەو میرات لەوان دەبات ونە ئەوانیش میرات لەو دەبەن، بەڵام ئەگەر هاتوو تەوبەی کرد و پەشیمان بوویەوە و داوای لێخۆش بوونی کرد ودانی نا بەتاوان وگوناهەکەیدا، ئەوە خوای گەورە تەوبەی لێوەردەگرێت، ئەو کاتە ئەتوانێت ژنەکەی بگەڕێنێتەوە ئەگەر عیدەکەی تەواو نەبوو بوو، بەڵام ئەگەر عیدەکەی تەواو بوو بوو، ئەوە ئەو کاتە ژنەکەی خاوەنی خۆیەتی وپیاوەکەی ناتوانێت بەبێ ڕەزامەندی ئەو بیگەڕێنێتەوە، {سەرچاوە : "فتاوى إسلامية" (3 /533) }

دووەم : ئەگەر کەسێك خۆی بەصەراحەت گوێی لەکەسێکی تر بوو کە جنێو وقسەی بەخوای گەورە ووت، یان بەڵگەی شەرعی لەبەردەستدا بوو لەسەر ئەو جنێودانە، ئەوە هیچ شتێکی تێدا نییە کە خۆی باوەڕی وا بێت کە ئەو کەسە کافر بووە، ئەمەش خراپترین وگەورەترین جنێوە، کەسێك ی شڕێت و نەفام وسەرلێشێواو نەبێت کارێکی لەو شێوەیە ناکات، بەراستی سووکێتی وڕسواییە بۆ کەسێك سوکایەتی بە مەقام و پلەوپایەی خوای گەورە (جل جلالە) بکات .

ئەم جۆرە لەجنێو وقسە ووتن بەخوا وبەدین و بەپێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەمەسائلە شاراوەکان نییە تاوەکو پێویستی بە حوکمی زانایان و لێکۆڵینەوە و ئیجتهادی ئەوان هەبێت، بەڵکو مەسئەلەیەکی لەو شێوەیە هەموو کەسێکی زانا و جاهلیش حوکمەکەی ئەزان یت، وبگرە بچوك و گەورەیش بەکارێکی خراپ و قێزەونی ئەزانن .

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، پێویستە بۆ ئینکاری کردن وڕێگری کردن لەوەها کارێك مەبەستە و مەقصەدە شەرعیەکان ڕەچاو بکرێن، ئەویش نەهێشتنی ئەو خراپە و مونکەرەیە، بەج ۆرێك هەوڵبدرێت کە تەوبە بەو کەسە بکرێت کە کوفرەکەی کردووە، ئەگەر لەدینیش پاشگەز بووبێتەوە و لە ئیسلامیش

دەرچوبێت، داوای تەوبە لێ کردن لە (مرتد : پاشگەز بووەوە لەدین) شتێگی ئاشکرایە لەئیسلامدا، بۆیە پێویستە بەهەموو شێوەیەك هەوڵبدرێت وئامۆژگاری ئەو کەسە بکرێت بەشێوەیەك کە لەگەڵیدا بگونجێت، و ئەو کارە خراپ وقێزەونەی بۆ ڕوون بکرێتەوە کە تێی کەوتووە، وە بەپێی حاڵی ئەو کەسە مۆڵەتی بدرێت و ڕێگای شەرعی شیاوی لەگەڵدا بگیرێتە بەر .

زانایانی لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوە وفەتواداان لەم بارەیەوە ووتویانە :

جنێو وقسە ووتن بەدین (خواپەنامان بدات) کوفرێکی دیار وئاشکرایە بەپێی دەقەکان وکۆدەنگی زانایان، بەبەڵگەی ئەم ئایەتە پیرۆزە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ ﴿٦٥﴾ لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ ﴾ {التوبة :65 - 66} واتە : پێیان بڵێ: ئایا گاڵتەتان بەخواو ئایەتەکانی و، بەپێغەمبەرەکەی کردبوو؟ واتە: هەر ووتەیەکی کوفرو ناشیرین و ناقۆلا لەدەم دەرچێت، بێگومانە مرۆڤی پێ کافر دەبێت ﴿٦٥﴾ بڵێ: بڕوبیانووی بێجێ مەهێننەوە، چونکە پاش ئەوەی باوەڕتان هێنا، کافربوون ﴿٦٦﴾ ..... بۆیە پێویستە ئەو کەسە ئامۆژگاری بکرێت و وە ئاگا بهێنرێتەوە، ئەگەر بەدەمتەوە هات و پەشیمان بوویەوە و تەوبەی کرد ئەوە سوپاس بۆ خوا زۆرباشە، بەڵام ئەگەر بەدەمتەوە نەهات و تەوبەی نەکرد، ئەوە نابێت ئەو کەسەی کە جنێو وقسە بەدین دەڵێت سەلامی لێ بکرێت، و وەڵامی سەلامیشی بدرێتەوە، وە نابێت وەڵامی دەعوەتی بدرێتەوە، وە واجبە قسەی لەگەڵ نەکرێت وهامۆشو سەردانی نەکرێت وهەموو پەیوەندیەکی لەگەڵدا ببچڕێنرێت، هەتاوەکو تەوبە دەکات یان حوکمی کوشتنی لەلایەن کاربەدەست و لێپرسراوی موسڵمانانەوە بەسەردا جێ بەجێ دەکرێت، بەبەڵگەی ئەو فەرموودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کە دەفەرموێت : « من بدل دينه فاقتلوه » {أخرجه البخاري في صحيحه (3017)} واتە : هەرکەسێك لەدین وەرگەڕا و پاشگەز بوویەوە بیکوژن " {سەرچاوە : "فتاوى اللجنة الدائمة" (12/2) }

شێخ محمد صالح العثيمين (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەم بارەیەوە ووتویەتی :

مرۆڤ ئەگەر تەوبەی کرد لەتاوان وگوناهەکانی ئەگەر ئەو گوناهە جنێو وقسە ووتنیش بێت بە دین ئەوە تەوبەکەی وەردەگیرێت، ئەگەر ئەو مەرج انەی تێدا بیت کە باسمانکرد، ئەبێت بزانرێت جاری واهەیە ووتەیەك یان ووشەیەك خۆی لەخۆیدا کوفر وبێباوەڕیە، بەڵام ئەو کەسەی کە ئەو قسەی کردووە کافر ناکرێت ئەویش لەبەر بوونی ڕێگرێك کە ڕێگر دەبێت لەحوکم دان بەسەریدا بەکوفر، ئەم پیاوەیش کە باسی خۆی دەکات کەگوایە جنێو و قسەی بەدین ووتووە لەکاتی توڕەییدا، ئەوە پێی دەڵێین : ئەگەر ئەو ووتە کوفریە لەکاتی تووڕەییەکی زۆردا بووبێت بەشێوەیەك کە نەتزانیبێت چیت ووتووە یان تۆ لەسەر زەویت یان لەئاسمانیت، لەو کاتەدا وتەیەکت لەدەم دەرچووبێت کە بێ ئاگا بووبیت لێی ونەتزانیبێت ماناکەی چییە، ئەم ووت ەو گوفتە حوکمی نییە وحوکمی پاشگەز بوو لەدین بەسەرتدا نادرێت، چونکە ئەوە ووتە وقسەیەکە بەبێ مەبەست و ئیرادە لەدەمت دەرچووە، وە هەر ووتەو گوفتێکیش بەبێ مەبەست و ئیرادە لەدەم دەرچوو ئەوە خوای گەورە بەتاوانی نانوسێت ولێت ناگرێت، خوای گەورەیش فەرموویەتی: ﴿ لَا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِنْ يُؤَاخِذُكُمْ بِمَا كَسَبَتْ قُلُوبُكُمْ ﴾ {البقرة : 225} واتە : خوای گەورە ئەو سوێندانەتان لێناگرێت کە لە دەمتان دەردەچێت ولەسەری ڕاهاتوون، بەڵکو لەسەرئەوە لێتان دەگرێت و موحاسەبەتان دەکات کە نیەتی دڵتانی لەسەرە .{سەرچاوە : " فتاوى نور على الدرب" (2/24) } .

خوای گەورەیش لەهەمووان زانا وشارەزاترە .